# ژێرخانی کارەبای ڕۆژئاوای کوردستان بەهۆی بەردوومانی تورکیا ڕووخاوە سەدان گوند بێ ئاو و کارەبا بوونە

هاوسەرۆکی ئەنجومەنی جێبەجێکاری ئیدارەی خۆسەری لە تەقبەی ڕۆژئاوای کوردستان رایگەیاند، تورکیا هێرشەکانی بۆ سەر ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان چڕترکردووەتەوە، جگە لە بەئامانجگرتنی هاووڵاتیانی مەدەنی، هەروەها ژێرخانی ناوچەکانیشی وێرانکردووە.

ئەحمەد عومەر دەڵێت، بەهۆی بەردوومانکردنی وێستگەی کارەبای جەزنیە، زیانی ملیۆن و نیوێک دۆلاری پێگەیشتووە و وێستگەکە لەکارکەوتووە، هەر لەبەردووماندا پەمپەکانی ئاوی خواردنەوەی هاووڵاتیان سووتاون و بەهۆیەوە دانیشتوانی زیاتر لە 100 گوندی ناوچەکە بێ ئاو و کارەبا بوون و ئێستا لە دۆخێکی سەختدا دەژین.

ئەحمەد عومەر، هاوسەرۆکی ئەنجومەنی جێبەجێکاری ئیدارەی خۆسەری لە تەقبەی ڕۆژئاوای کوردستان دەشڵێت، "پێویستە لیژنەیەکی نێودەوڵەتی پێکبهێندرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی تورکیا و زیانگەیاندن بە ژێرخانی ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا".